موجتەبا خامنەیی لەبارەی کوژرانی لاریجانی: رشتنی ئەم خوێنانەی رژێمی ئێران بەهێزتر دەکات

موجتەبا خامنەیی، رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارەی کوژرانی عەلی لاریجانی، سکرتێژی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە رایدەگەیەنێت، رشتنی ئەم خوێنانەی، رژێمی ئێران بەهێزتر دەکات. دەشڵێت، بکوژران دەبێت باجی ئەم خوێن ڕشتنانە بدەن.

موجتەبا خامنەیی، رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، لەهەژماری خێی لەتێی کەمەڵایەتی ئێکس پەیامێکی بەبۆنەی کوژرانی عەلی لاریجانی، سکرتێژی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە باڵاوکردەوە.

موجتەبا خامنەیی وتوشیەتی، دوژمنانی ئیسلامی ئەبێت ئەوە بزانن کە رشتنی ئەم خوێنانەی، رژێمی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر دەکات.

جەختیشی کردۆتەوە کە "بکوژانی تاوانکار" دەبێت بەزویی باجی ئەم خوێن ڕشتنانە بدەن.